seed foundation
Social Educational Economic Development

**بەیاننامە: ٩ ساڵ دوای کۆمەڵکوژیی ئێزیدییەکان، ڕزگاربووان هێشتا پێویستییان بە پاڵپشتیی ئێمەیە**

**هەولێر، عێراق - ٣/ ٨ /٢٠٢٣:** ئەمڕۆ نۆیەم ساڵڕۆژی کۆمەڵکوژیی ئێزیدییەکان و پێکهاتەکانی دیکەی عێراقە لە لایەن داعشەوە. لە ساڵی ٢٠١٤، تیرۆرستانی داعش شەنگال (سنجار)یان داگیر کرد و بە شێوازێکی بەرنامەڕێژکراو دەستیان بە کوشتن و بەکۆیلەکردن و ڕفاندنی هەزاران ئێزیدی کرد، هاوکات هەموو ئەو شوێنەوار و مەڵبەندە ئایینیانەیان خاپوور کرد کە کەوتبوونە بەر هێرشە فراوانخوازییەکەیان. ئێستا و دوای نۆ ساڵ لە ڕووداونی ئەم کارەساتە و دوای شەش ساڵ لە شکستپێهێنانی داعش، هەزاران ژن و منداڵ ونن یان لە ژێر دەستی داعش ماونەتەوە، هەروەها چەندانی دیکە ماوەیەکی درێژە لە ئاوارەییدان و زۆربەیان لەو کەمپانە دەژین کە پێویستییە بنەڕەتییەکانیان تێدا دەستەبەر نەکراوە.

سەرەڕای ئەمەش، لە ساڵی ٢٠٢٢ ئەو وەڵامدانەوە مرۆییەی کە لە لایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە سەرپەرشتیی دەکرا نزیک بووبووەوە لە بنبەست، ئەو نەخشەسازییە هەماهەنگییەی هەبوو هەڵوەشایەوە، و چونکە دوای داعش وردە وردە عێراق لە قۆناغی مرۆییەوە بەرەو قۆناغی بنیاتنانەوە هەنگاوی هاوێشت، لایەنە نێودەوڵەتییەکان کۆتاییان بە هاریکارییەکانیان بۆ حکومەتی فیدڕاڵی و حکومەتی هەرێمی کوردستان هێنا و چارەنووسی عێراقییان بۆ لایەنە ناوخۆییەکان بە جێ هێشت.

هەر چۆنێک بێت، لەگەڵ گواستنەوە بۆ قۆناغی بنیاتنانەوە پێویستییەکان پڕ نەکرانەوە. لە سەروبەندی گواستنەوەکە، نزیکەی ٢.٥ ملیۆن کەس لە سەرتاسەری عێراق پێویستییان بە پشتگیریی مرۆیی هەبوو؛ ١.٢ ملیۆنیان وەک ئاوارە مابوونەوە، دەوروبەری ملیۆنێکی تریش لە حاڵوبارێکی لێقەوماویدا دەژیان.[1] بۆ زۆرێک لە ڕزگاربووانی شەڕی تیرۆر، هەڵپەساردنی بەرەبەرەی کۆمەکی مرۆیی و دوورکەوتنەوەی لایەنە نێودەوڵەتییەکان لە چەند ساڵی ڕابردوودا - لە پاڵ کەمبوونەوەی بەرچاوی سەرچاوە و خزمەتگوزاری و پشتگیری - لێقەوماوییەکانی زەقتر کردەوە و بازنەی پێداویستییەکانی فراوانتر کرد. زۆرجار ئەو ڕزگاربووانەی ئێستا لە ژێر هەلومەرجی قورسدا دەژین ناتوانن بە ئاسانی گوزارشت لە ئارەزووەکانی خۆیان بکەن، و بە هیوایەکی کەمەوە لە ئاسۆی ئایندەیەکی باشتر دەڕوانن.

حکومەتی فیدڕاڵی و حکومەتی هەرێمی کوردستان هەنگاوی گرنگیان بۆ بە تەنگەوەچوونی ناڵە و ئازاری ئەو کەسانە هاوێشتووە کە لە کۆمەڵکوژییەکە ڕزگارییان بووە. مەبەست لە واژۆکردنی ڕێککەوتننامەی شەنگال لە تشرینی یەکەمی ٢٠٢٠ بریتیی بوو لە گێڕانەوەی سەقامگیری بۆ ئەو ناوچانەی تاوانەکانی لێ ئەنجامدرابوو و هاوکات هاندانی گەڕانەوەی ئاوارەکان بۆ زێدی خۆیان. هەروەها، دەرچوونی یاسای قەرەبووکردنەوەی ڕزگاربووانی ئێزیدی لە ئازاری ساڵی ٢٠٢١ بەرنامەڕێژییەکی بێوێنەی کرد بۆ قەرەبووکردنەوەی ماددی و مەعنەویی ئێزیدییەکان و ڕزگاربووانی دیکەی توندوتیژیی سێکسیی پەیوەندیدار بە ململانێیەکانەوە. هەر چۆنێک بێت، تا ڕادەیەکی زۆر جێبەجێکردنی ڕێککەوتننامەی شەنگال هەڵپەسێردراوە، سەبارەت بە یاسای قەرەبووکردنەوەی ڕزگاربووانی ئێزیدیش، گەر چی لە ساڵی ڕابردوو بەرەوپێشچوونێکی بەرچاوی بە خۆیەوە بینی، بەڵام جێبەجێکردنەکەی بەردەوام دووچاری چەند بەربەستێک دەبێتەوە کە تەنگ بە گەیاندنی قەرەبووەکان بەو ڕزگاربووانەی پێویستییان پێیە هەڵدەچنێت. تا بەڵێنە گەورەکانی ئەم چوارچێوە یاسایی و ئیدارییانە بە جێ دەگەیەنرێن، زۆرێک لە ڕزگاربووانی ئێزیدی هەر لە بارودۆخێکی ناهەموار و ناڕوون دەمێننەوە، واتە ناتوانن دەستیان بە پاڵپشتیی پێویست بگات و ڕێی گەڕانەوەیان بۆ زێدی خۆیان بە داخراوی دەمێنێتەوە.

---

[1] بڕوانە: Iraq Complex Emergency Fact Sheet (2023)

له ساڵڕۆژی ئەم کارەساتەدا، داوا له حکومەتی فیدراڵی و حکومەتی هەرێمی کوردستان و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەکەین کە بە شکۆوە یادی ئەو کەسانە بکەنەوە کە گیانیان لە دەست داوە، هاوکات هەموو ئەو ڕزگاربووانەیان بیر بێت کە، سەرەڕای تێپەڕبوونی نۆ ساڵ بەسەر کۆمەڵکوژییەکەوە، هێشتا ئازار دەچێژن. پێویستە جێبەجێکردنی ئەو چوارچێوە سەرەکییانەی وەڵامدانەوە کە بۆ چارە کردنی دۆخی ڕزگاربووان ئامادە کراون بخرێنە پێشینەی کارەکانی هەموو لایەک، و هەروەها دڵنیایی بدرێت کە هیچ کەس لە خزمەتگوزاری و قەرەبووکردنەوەکان بێبەش ناکرێت.

-کۆتایی -

دەزگای سیید ڕێکخراوێکی ناوەخۆییە و لە هەرێمی کوردستان - عێراق کار دەکات. سیید پابەندە بە پاراستن و پشتیوانی کردنی باشبوونەوەی ڕزگاربووانی توندوتیژی و ئەو کەسانەی لە ژێر مەترسیدان. ڕێبازمان بۆ ئەم ئەرکە ڕێبازێکی لێکدراو و گشتگیرە. خزمەتگوزاری شیاو و فراوان دابین دەکەین، لەوانەش پشتیوانیی دەروون دروستی و پاڵپشتیی دەروونی - کۆمەڵایەتی، یاسایی، پارێزگاریی و حەواندنەوەی ڕزگاربووان لە خانەکانی داڵدەدان. هەروەها، سیید ڕاهێنان و خولی پەروەردەیی و پەرەپێدان بە تواناکان بۆ ئەو کەسانە دابین دەکات کە کار بۆ پاراستن و خزمەتکردنی ڕزگاربووان دەکەن. هاوکات، دەزگاکە کاری پەیڕەوی و داکۆکیکاری دەکات بە مەبەستی بەهێزکردنی یاسا و ڕێنمایی و نەریت و پارێزگارییەکان بۆ کەسانی لێقەوماو، و برەودان بە پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی.

بۆ زانیاری زیاتر، تکایە پەیوەندی بکەن بە: media@seedkurdistan.org